سەرۆک کۆمار: عێراق دەرفەتێکی لە بەردەمدایە بۆ پێشکەوتن و پەرەپێدان

سەرۆک کۆمار عەبدولڵتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ دووشەممە ،جەختیکردەوە کە عێراق دەرفەتێکی لەبەردەمدایە بۆئەوەی ببێتە پێشکەوتووترین وڵاتی ناوچەکە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک کۆمار لەبەیاننامەیەکدا ڕاویکردەوە :-کە سەرۆک کۆمار ئەمڕۆ لەکۆشکی بەغداد پێشوازیکرد لە پارێزگاری بەسرە ئەسعەد عیدانی، لەسەرەتای دیدارەکەدا سەرۆک کۆمار مەرسومی کۆماری بەدامەزراندنی وەک پارێزگاری بەسرە ڕادەستی عیدانی کرد وپیرۆزبایی لێکرد بەبۆنەی وەرگرتنی پلەی پارێزگاری بەسرە.

سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە گرنگی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە پارێزگای بەسرە وبە هاووڵاتیانی، بە جەبەجەکردنی پرۆژەوپێشخستنی شارەکە، پەداگریشی لێوەکرد کە هاووڵاتیانی بەسرە شایانی ئەوەن خزمەتی زۆریان بکرێت.

وتیشی عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندبە داهاتی سروشتی ومرۆیی ودەرفەتی پێشکەوتنی بە ڕەخساوە.

ڕوونیشی کردەوەکە دەرگاکانی سەرکایەتی کۆمار واڵایە بە پشتیوانیکردنی پارێزگاکە لەهەموو ڕوویەکی ڕەشنبیری وئەدەبیەوە بە گەڵانی ڤیستفاڵ و پەڕەوانتیە وەرزشیەکان.

لەلایەن خۆشیەوە پارێزگاری بەسرە باسی لە کەشەکانی کرد بە باشکرنی بارودۆخی پارێزگاکە لەهەموو

هەوڵێکی بازرگانی و ئەمنی و ئابووریەوە، جگەلە پلانەکانی دابینکردنی ئاوی پاک و دابینکردنی هێلی کار کە بەبەردەوامی ئیشی لەسەردەکرێت.